# ئینتەرنێت شمشێری دوو سەرە

[ بە کوردی ]

# الانترنت سلاح ذو حدين

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : عبد الله صادق
الكاتب : عبد الله صادق

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ئینتەرنێت شمشێری دوو سەرە

ئینتەرنێت لەم سەردەمە تازەترین ئامێری زانستی یە کەعەقل و ژیری مرۆڤ پێی گەیشتوە، کەبۆتە جێگای سەرسوڕمان، چونکەهیچ پەردەو بەربەستێك ناتوانێت ڕێگای بگرێت بۆبڵاوکردنەو هەموو جۆرەبیروباوەڕێك بە ئازادی بۆیەوەك شمشێرێکی دووسەرە:

1-چونکە ئەهلی خێرو چاکەدەتوانن بیرو باوەڕی ڕاست وپیرۆزی خۆیان بگەێنن بەسووکترین نرخ وبەها.

2-لەهەمان کاتدا ئەهلی شەڕو خراپە دەتوانن بیرو باوەڕی چەوت و گڵاوی خۆیان بڵاو بکەنەوە بەئاسانی.

دەمەوێت لە بواری دوەمیان توزێك بنوسین کە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەبۆشەڕو خراپە، چونکە لەگەڵ ئەم هەموو سوود و قازانجانەی ئینتەرنێت، بەڵام گەر بەکار بهێنرێت بۆ خراپەدەبێتەهۆی کاول کاری وێرانکردنی تاك و کۆمەڵە، بۆیە ڕۆژئاوا زووتر ووریابوونە وەلە ئێمەی موسلمان لەزەرەرو زیانەکانی لایەنە خراپەکەی، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی قاوەخانەکانی ئینتەرنێت، هەندێك لە سەر چاوەکانی ئەم قاوەخانانە دەڵێت: زیاتر لە 90٪ گەنجەکانی لەم شوێنەدا دێن بۆ سەردان و سەیر کردنی پەیگە خراپ و بێ ڕەوشتەکان، بۆیە ئینتەرنێت بۆەتە هۆی تێك چوونی چەندین خێزانی بەختەوەروو بەشەرم، وچەندین لاو و

کچی داوێن پاك و ڕەوشت بەرز، با بەیەکەوە ئەم ڕووداوە حەقیقیە باس بکەین کە  مامۆستا شێخ (محمد سالح المنجد) دەیگێڕیتەوە بۆمان، کەبریتی یە لەنامەی ئافرەتێك بۆ     مامۆستا دەلێت: من و پیاوەکەم زۆر بەختەوەر بوین دوور لەگشت ناخۆشیەك، ماڵمان ئاوەدان لەیادی خوا،وپیاوەکەم نوێژی بەیانی لە کاتی خۆیدا بەجەماعەت لەمزگەووت دەکرد بەردەوام،هەروەها گشت نوێژەکان، وەهەموو هەفتەیەك سەرادنی خزم و کەسی دەکرد ویارمەتی هەژارانی ئەدا،لەمزگەوتەکان ئەگەر کەم وکوری پێویستی بدیبایە دەچوو بۆیانی دابین دەکرد، بۆیە خوای گەورە رزق و ڕۆزیمان بەرەکەت داربوو، بەڵام کەئینتەرنێتی هێنایە مالەوە شەڕو بەڵا ڕووی تێمان کرد کە دەستی کرد بەسەیر کردنی ئەم وێنە ڕوت و  بێ ڕەووشتانە پیاوەکەم وەزعی زۆرگۆڕا، یەکەم جار  وازی هێنا لەنۆێژی بەیانی، وەنوێژەکانی تری دەکرد بەتەمبەڵی  لەکاتێکی زۆر درەنگ، دوور لەجەماعەت، -ئافرەتکەدە ڵێت-: زۆرم ئامۆژگاری کرد بەچەندین شێوەبێ سوود بوو، پاشان ووتم: بۆ خۆت ژنێکی تر بێنە، بەڵام رازی نەبوو، ئێستا من نازانم چی بکەم؟وەبێ هیوا بووم لێی، پێم دەڵێت: من ناتوانم واز بێنم لەسەیر کردنی ئینتەرنێت، وای لێهاتووە گشت کاتێکی بەسەر دەبات لەگەل ئینتەرنێت، منیش سێ مناڵم هەیە، دەمەوێت پەروەردە بن پەروەردەێکی پاك و موسڵمانانە چی بکەم؟ وە موشکیلەکە گەورەتربوە، ئێستا پیاوەکەم دەڵێت : سەتەلایتیش دەکڕم، تکا دەکەم یارمەتیم  بدەن وچارەیەکم بۆ بدۆزنەوە.

بەڵێ براکەم: دەبێت چەندەها خێزان و ژن و پیاو تووشی هەمان دەرد و بەڵا هاتوون لەڕێگای بەکار هێنانی لایەنیخراپی ئینتەرنێت، جا بۆ چارەسەری ڕاستەقینەی ئەم بەڵاو موسیبەتەپێویستمان بەترس و تەقوای خوایە وبزانین چاودێری

خوامان لەسەرەکەهیچ ووردو نهێنیەك لای خوای گەورە بزر نابێت، وەك خۆی دەفەرموێت( يعلم خائنةالأعين وما تخفي الصدور) سوورەتی غافیر ( 19).واتا: خوا دەزانێ بە خیانەتی چاوان و هەرچی لەدڵان دەیشارنەوە.

بۆیە دوا ووشە ئەمەیە: براکەم لەزەتی دونیاو خۆشیەکەی کاتییە و بەسەر دەچێت بەخێرایی وبەردەوام نابێت، بۆیە نەفسی خۆت و خێزانت و براو خوشك وکەس کارت وێران مەکە بەکارهێنانی خراپی ئەم تۆڕە ترسناکە، خۆت و کەس وکارت بپارێزە لە ئاگرو غەزەبی سە ختی پەروەردگار، چونکە وەك خوا دە فەرموێت: (ئەی ئەوکەسانەی پڕواتان هێناوە خۆتان و کەس وکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کەسووتەمەنی یەکەی ئادەمی و بەردە، سەرپەرشتی ئەو ئاگرەی دۆزەخ چەند فریشتەیەکی دڵ ڕەقی تووندو تیژی وا کەسەرپێچی خواناکەن و لەوەی کە فەرمانیان پێ بدات وەچ فرمانێکیان پێ بدرێت دەیکەن( سورەتی التحریم ئایەتی 6)، وپیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: ( ئایین بریتی یە لەئامۆژکاری ).

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين